TARAWGA

سەردار فەتاح ئەمین

سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات

Amsterdam

Holland


# تاراوگە


بێجگە لە گوتەی تاراوگە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها خستنە رووی هەواڵ و زانیاری کوردانی تاراوگەنشینە..



11 Juni. 2018

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەرئەچێت

ژمارە 2 ساڵی یەکەم ١١ حوزەیرانی ٢٠١٨


## بڵاوکراوەی تاراوگە، چۆن ئەتوانی زمانحاڵی زۆربەی کۆچبەرانی کورد بێت لە دەرەوە...؟

### گوتەی تاراوگە

وەک ژمارە بەراییەکانی تاقیکردنەوەی رۆژنامەوانی، کە ئێستا لە هەوڵداین. بە خۆشحاڵیەوە توانیمان ژمارە 2 ی بڵاوکراوەی تاراوگە بخەینە بەرچاوی ئێوەی ئازیز. هەرچەندە پرسمان پێنەکردوون، بە سوپاس و پێزانینەوە، بە وەرگرتنی نوسینی چەند نوسەرێکی کوردی خۆشەویست، لە پەیجە تایبەتیەکانی خۆیانەوە.

بێگومان ئاسان نییە بتوانین بەردەوامی بە بڵاوکردنەوەی تاراوگە بدەین، تا لە کات و ساتی خۆیدا دەربچێت و خواستەکانی زۆربەی کوردانی تاراوگەش بهێنێتە دی، ئەگەر ئێوە هاوکارمان نەبن..؟

داوا لە نوسەرانی ئازیز ئەکەین، بە نوسین و بابەتەکانیان بەسەرمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بتوانین، بڵاوکراوەیەکی شیاو و شایستە بە کوردانی تاراوگە لە ئاست خواست و پەیامەکانی ئەواندا بێت.

بە بڵاوبوونەوەی ژمارە ١ ی تاراوگە، دەستخۆشی پەسنی زۆرمان لە ئازیزانەوە پێگەیشت، لە هەمان کاتدا، رەخنە و سەرنجی هەمەجۆریشمان بەرەوروو کرایەوە، هەرگیز ئێمە ناتوانین بە تەنیا باڵ ئەم کارە بکەین، چونکە سایت و پەیجە ئەلکترۆنیەکان، توانیویانە، هەندێ لە خواستەکانی خوێنەران بهێننە دی، لە هەمان کاتدا، بڵاوکراوە و رۆژنامەی کاغەزیش هێشتا لە ئەوروپا خۆستی خۆیان لەسەرە، هەرچەندە ئێستا تاراوگە، لەسەر شێوازی بڵاوکراوە کاغەزییەکان و بە ئەلەکترۆنی بڵاوئەبێتەوە، بەڵام لە ئایندەدا خواستمان ئەوەیە، لاپەرەکانی بە چاپکراوی دڵ و چاوی خوێنەرانی رووناک بکاتەوە.


ئەمەش تەنها بە پشتگرتن و هاوکاری نوسەرە بەرێزەکانمان دێتەدی، ئەویش بە لادانە لە شێوازە کون و باوەکانی جارانی رۆژنامەگەری و شکاندنی خواستەکانی ئەمرۆی کوردی تاراوگەنشێن، کە ببێتە جێ متمانەی نەوەکانی ئایندەمان.

TARAWGA

## کاکە شەها عاشقەکەی گەل و نیشتمان

### حەقخوازە بێ رکابەرەکەی هەژاران


نوسینی: مامۆستا فەوزی رەمزی مەلا مارف



هەرگیز لە یادمان ناچێت... ئای لەو ساتەوەختەی ئەو هەواڵە ناخۆشەیان پێ دام... بۆ چەند کاتێک بە تاسەوە چووم... زمانم بەسترا و هیچم بۆ نەدەگوترا.... چاوان پڕ لە فرمێسک و قوڵپی گریان گەرووی گرت.... هەواڵێکی ناوەختی پڕ لە سوێ ... کاکە شەها عاشقەکەی گەل و نیشتمان، حەقخوازە بێ رکابەرەکەی هەژاران ئیمرۆ چووە لای خاڵە پیرەمێرد و گشت شەهیدانی رێگەی خەبات.... هەرگیز لە یادمان ناچێت ... دیارە مامە " رەمزی "ت کاتی خۆی زانیویەتی کە بۆ چ مرۆڤێک ئەم چەند بەیتە دەڵێت :

لە بێشەی زیندەگانی و هەستییا شێری ژیانم رۆ
لە باخی راستی و سەربەرزیا سەروی رەوانم رۆ
لە بورجی کوردەواری و ئەوجی دانایی و سیاسەتدا
مەهی میهرو وەفا، شەهبازی عیرفان ئاشیانم رۆ
لە کۆری شینیا داکی وەتەن هاواری بوو ئەیوت
کزەی دڵ، هێزی ئەژنۆ، نووری هەردوو دیدەکانم رۆ.

## کتێبی جێگرەوەی کوورە و تەکنیکی جۆشدان نوسینی مەریوان جەلال لە لەندەن بڵاوکرایەوە



لەدوای هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر هونەرمەند مەریوان جەلال کتێبێکی بە ناونیشانی (جێگرەوەی کوورە و تەکنیکی جۆشدان)، بە کولیتیەکی زۆر باش، لە چاپخانەیەکی شاری لەندەن بە چاپ گەیاند.


وەک خۆی ئاماژەی پێداوە، بۆ نوسینی ئەم کتێبە هونەرییە، زۆرێک لە هاوکارانی هاندەری بوون.

دیزانی کتێبەکە بازیان جەلال کێشاوێتی و سپپۆنسەری چاپکردنی بۆ پەیدا کردووە.

هونەرمەند مامۆستا (قادر میرخان) پێشەکی کتێبەکەی نوسیووە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم کتێبە بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/mariwan.j/videos/pcb.2185304524819999/2185303938153391/?type=3&theater




## خوێندنگەی کوردی لە شاری ئارنهێم



خوێندنگەی فێربوونی زمانی کوردیی لە شاری ئاڕنهێم، بەسەرپەرشتی کاک نەبەز مستەفا ئەمین و هاوکاری دەستەیەکی خۆبەخش بەڕێوەئەچێت، ویستمان بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەرانی تاراوگە، پەیوەندی بە کاک نەبەزەوە بکەین و لەڕێگەی بەڕێزیانەوە، تیشک بخەینە سەر ئەم خوێندگایە.

**کەی خوێندنگە فێربوونی زمانی کوردی لە شاری ئاڕنهیم دامەزرا...؟**

خوێندنگەی کوردی لە شاری ئارنهێم لە کۆتایی ساڵی 2014 بیرۆکەکەی خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، سەرەتا هەستاین بەکۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان و پاشان بانگەشەی خۆسازدان و ئامادەکاریمان بۆی کرد.

لە 10-01-2015 کۆبونەوەی فراوانمان لەگەڵ خانەوادە کوردەکانی شاری ئارنهێم و دەوروبەری ئەنجامدا و هەمان ڕۆژ تۆمارکردنی ناوی خویندکارانمان دەست پێکرد

**چەندکارمەند و مامۆستای هەیە و چەند خوێندکاری هەیە ؟**

هەر لە سەرەتای دەست بەکارکردنمانەوە، تا ئیستا خاوەنی دووماموستا و یاریدەدەرێکی مامۆستاین، ئەوانیش هەریەک لە بەڕێزان (ئاڵاعوسمان و سۆزان جەلال سعید)، وەک مامۆستا وخاتوو (مژدە کەمال)، وەک یاریدەدەری مامۆستا. خوێندنگەکەمان لە ڕووی چەندایەتیەوە وەک هەر خوێندگەیەکی تاراوگە کاریگەرە بەچەند فاکتەرێک، کە دەبنە هۆی هەڵکشان و داکشانی ژمارەی خوێنکاران وەک: گوستنەوەی شوێنی نیشتەجێ یان سەرقاڵبوونی زۆری خوێندکاران بە خوێندنی تایبەتی خۆیانەوە، یان بەهۆی کەمتەرخەمی و بێخوڵقی خانەوادەکانە، کە ئەبنە هۆکاری بێبەشکردنی منداڵەکانیان لە فێربوونی زمانی شیرینی دایک هتد... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خوێندنگە (21) خوێندکاری هەیە.



**تاراوگە بڵاوکراوەیەکە** دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی هۆڵەندایە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاوئەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاوئەکرێتەوە.




بیروکەی کردنەوەی خوێندنگە و بەرنامە و کتێبی خوێندن..؟

بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم خوێندنگەیە، لە سۆنگەی باوەڕبوونمانە بەگرنگی زمانی دایک و خۆشەویستی ئەلفبێی کوردیەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش تەنها حەز نییە، بەڵکو لە هەناوی ڕەسەنی وشەو پەیڤ و خۆشەویستی خاکەوە چەکەرەی کردووە، کە هەردەم لە خەیاڵێکی ڕیالیستیانەدا بووین، بەرامبەر کردنەوەی فێرگەیەک لە پێناو بێبەش نەبوونی منداڵانی تاراوگە، لە فێربوونی زمانی دایک، بەڵام ئەوێ ڕۆژێ کێشەی شوێنمان هەبوو پاش ئەوەی بەهەمئاهەنگی لەگەڵ ماڵی کوردیی لەئارنهێم، توانیمان ئەو کێشەیە چارەسەربکەین، بۆیە هەر بەم بۆنەیەوە پێم باش بوو، سوپاسی خاتوو سۆزان سدیق بکەین، کە هەمیشە هاوکارمان بووە، لە سەرەتادا بۆدابینکردنی هۆڵی خوێندنگە و هەر خۆشی ئەندامی دەستەی خۆبەخشی خوێندنگەکەمانە، پرۆسەی خوێندن (پەروەردە و فێرکردن)، بۆ چوارساڵ ئەچێت لای ئێمە درێژەی هەیە، پێم وایە تاکە خوێندنگەیە لە وڵاتی هۆڵەندا توانیبێتی بۆ ماوەیەکی ئاوا درێژ بەردەوام بێت، لەگەڵ ئەوەی ئێمە هیچ جۆرە هاوکاریەکی حکومی و لایەنە سیاسی و ڕیکخراوەکانمان نییە، تەنها ئیرادەی خۆمانە و خۆبەخشانە مامۆستاکان، وانە ئەڵێنەوە، خۆبەخشانە لە گیرفانی خۆمان هاتووچۆ ئەکەین، هەر خۆشمان خۆبەخشانە چالاکی بۆنە و یادەکان ڕێکئەخەین و ئیدارەی پێویستیەکانی خوێندنگە لەگەڵ خانەوادەی خوێندکاران لەئەستۆ ئەگرین. لە ماوەی پرۆسەی خوێندن تائێستا لێرەولەوێ سەردانمان ئەکەن، ئەم سەردانانەش جێگای ڕێزن بۆ ئێمە و بەهاندەرێکی مەعنەوی باشی ئەزانین و پێشوازی گەرمیان لێئەکەین..... .مەنهەجی ئێمە لە پلەی یەکەمدا فێربوونی زمانی شیرینی دایکە بە(خوێندنەوە و نوسینەوە)، لە ناساندنی پیتەکان و دروستکردنی پەیڤ و ڕستەکان، پاشان گرنگی دانە بەدابونەریتی کوردیی و جارجاریش لە دەرگای بابەتی مێژوویی ئەدەین، بەرنامەی دوای فێربوونی (خوێندنەوەو نوسین)، بەرنامەیەکی چڕوپڕی هەمە لایەنەیە، کە ئەکرێت لە کاتی خۆیدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەکورتی مەنهەجمان پەروەردە و خاک خۆشەویستیە، ئەوەی بۆ ئێمەش دەمێنێتەوە ئاسودەیی ویژدانە.

# مریشکە کونجە



نوسینی: خۆشناو مەریوانی



شەهید دڵشاد مەریوانی



بە بۆنەی ڕەشەکوژی و کۆمەڵکوژی زامی ٩ حوزەیرانی ١٩٦٣ ی شاری سلێمانی.

گەمژە سدیق ! ناوبراو وەک زۆربەی ئەڵقە لە گوێکانی دەسەڵات، مولەقەب بوو بە " زەعیم " ٨٢ قارەمانی میللەتی بەبی دادگایکردنی لە حامییەی ئەوسای سلێمانی زیندەبەچاڵ کرد.

کەیفم پێ دێت خنجیلە چیرۆکێکتان، (مریشکە بەکر و جەنگ و جەهالەت)، بە بۆنەی ئەو ڕۆژە ڕەشەوە بۆ بنووسمەوە.

ساڵی 1963 دوای کودەتا سوپاییە شومەکەی فاشێکان، دژی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بوو.

یەکەم بڕیاریان، حوکمی سوپاییان بەسەر زۆربەی شارەکانی کوردستاندا فەرزکرد.

بڕوانە لاپەڕە 4

# پاشماوەی مریشکە کونجە....بە بۆنەی ڕەشەکوژی و کۆمەڵکوژی زامی ٩ حوزەیرانی ١٩٦٣ ی شاری سلێمانی

خۆشناو مەریوانی/ پراک

لە سلێمانی و زۆربەی شارەکانی کوردستان هاتووچۆیان قەدەغەکرد، تاهەر کەسێکیان بەدڵ نەبوو، لەماڵی خۆیاندا، بەئارەزووی خۆیان بییانگرن و گوللەباران و زیندە بەچاڵیان بکەن. ئەو بەیانییە، سەربازێکی زۆر لە دەرگای حەوشە و سەربانەوە، ڕژانە ماڵمانەوە. قوژبن نەما لەماڵەکەدا دەجار سەری پێدانەکەنەوە. ئەیگوت سەگی برسین و بۆنی ئێسقانییان کردووە، یان کێچ چۆتە کەوڵییان. تا چوونە ژووری گەنجینەکەی پشتەوەمان. لەوێ مریشکە کونجەیەکمان هەبوو، لەسەر هێلکەکانی لە قوژبنێکی گەنجینەکەدا کڕکەوتبوو. دایکم قووڵینەیەکی دار چناری بۆ سازکرد بوو، کە مریشکە کونجە زۆر دڵی پێخۆش بوو، دایکم! لە ئێمەی مناڵ هاتوچۆی گەنجینەکەی لێ قەدغە کردبووین. هەموو جار ئەیگووت: توخنی گەنجینە نەکەون، با مریشکە کونجە لە هێلکەکانی نەتۆرێت. مریشکییان بەشەق لەسەر هێلکەکانی هەڵفڕاند، قوڵینە و سەبەتە و هێلکەیان بە نووکی پۆستاڵ سەرەوژێر کرد، ئیتر لەو ڕۆژەوە، مریشکە کونجە کڕنەکەوتەوە. کۆمەڵێکیان بەپەلە بەرەو هەیوانی ئەوبەرەوە بەهەڵەداوان ڕۆشتن، خۆیانکرد بە ژورەکەی دڵشادی برام و مندا، کاتێک بینییان لەسەر چەند ڕەفەیەک کیتاب و موجەلەدی چیرۆک و نوسراومان هەبوو، کە هەمووی کیتابی ئەدەبی کوردی، عەرەبی و جیهانی بوون، ئەگەر بیرم مابێت: دیوانی شاعیرە کوردەکان، هەندێ چیرۆکی نەجیب مەحفوز، یەکدو چیرۆکی ئەلسکەندەر دومای فەڕەنسی، جوبران خەلیل جوبران و هەندێ گوار و ڕۆژنامەی کۆنی کوردی بوون. وەلی کیتابی ئەستور پڕپەڕەبوون. سەربازەکان کاتێ کتێبخانە خنجیلەکەی دڵشادی برامیان بینی، دیاربوو ئاواتییان هاتبووەدی. لەشیان سوکتر ببوو، بەقەڵەم باز چونەبەردەم زابتەکەیان، کە لە لەگەڵ بابم بەعەربی ئەدوا. بەهەردوو پێ و بەدەست سەلامیان بۆ سەند، دوو وشەیان بە ریتمی ڕێزی نێوان ئەفسەر و سەربازەوە پێوت. ئەفسەرەکە دیاربوو هەڵوێستەکانیانی بەدڵ بوو، بەپەلە و بەدوو قەڵەم باز کەوتە نێوان دەرگای ژورەکەمانەووە. سەیرێکی بابمی کردوو، دەستی بۆ کتێبەکان درێژکرد. گووتی: ئەم کیتابانە کێ دەیان خوێنێتەووە؟ لەو کاتەدا بیری سەفەرەکەی بەغدادی چەند ساڵێک لەوەوبەرم لەگەڵ بابم کەوتەوە. کاتێک سەربازەکانی خاڵی پشکنینی پێش حەویجە، لەنێو جانتاکەی بابم و مندا، بە هەردووکمان جانتایەکمان پێبوو، دەرمانی دانێک و دوو فڵچەیان بینی. بە بابمیان گووت، ئەمانە چین؟ بابم گوتی دەرمانی دان و فڵچەی دان شتنن.

سەربازەکان بە بابمیان گوت: بۆ تۆ دانسازی؟ بابم گوتی نەخێر من عەتارم.

گوتیان درۆمەکە....! دەرمانی دانەکە بەدەستیانەوە بوو، بە بابمیان بە عەرەبی گوت: لم غەرازەک ئینچەپ و ئسعەد.

بابم بەداماوییەوەم جانتاکەی بەبێ دەرمانی دانەکە کۆکردەوە و دەستی گرتم و چووینەوە ناو ماشێنی نەفەراتەکەوە، سەیرێکی منی کردو بە ئەسپای گوتی: گوێمەدەرێ لە بەغداد دانەیەکی باشتر ئەکڕین. ئەم کەڕەتەیان لەنێو ماڵی خۆماندا بووین و لە ڕێگای بەغداد و حەویجە نەبووین، من ترسام، دیار بوو، بابم دەرمانی دانەکەی بیرچۆبۆوە. بابم بێ باکانە گوتی: هاوکات بەرەو ڕووی ئەفسەرەکە ئەڕۆیشت، بە فەخر و بەفیزەوە گوتی: کوڕەکەم و دەستی بۆ دڵشادی برام ڕاکێشا. ئاخر بابم لەو کاتەدا، نەیئەزانی جەهالەتی ئەوەندە دڕندەیە، گەنجێکی ١٥ ساڵان لەسەر خوێندنەوەی ئەدەب ئازار بدرێت. ئەفسەرەکە سەرێکی بادا، وەک گاڵتەی بە کتێب و لاوێکی وەک دڵشادی برام بێت. بە توڕەیەوە، دەستێکی بۆ دڵشادی برام راکێشا، بە سەربازەکانی گووت: ئەو باڵابەرزەم بۆ بەرن. چاوم لێ بوو بابم حەپەسا، لە هەیوانی ئەوبەرەوە، دایکم بە چاو سەیری ئەفسەر و سەربازەکانی دەکرد. کاتێک بینی دڵشادی برام بەدەست سەربازەکانەوە بەرەو قاپی حەوشە بردیان. کردی بەشیوەن، لەخۆدان و قژ رنینەوەی، قژنەما بەسەریەوە هەمووی ڕنیووە. بیرم دێت گریان و قوڕپێوانی تێکەڵ بە گارەگاری مریشکە کونجە و دەنگی فیشەک و تەقەی نێو شار ببوو. بە باوکمی ئەگوت، بڕۆ بە عەرەبی پێیان بڵێ، با ..کوڕەکەم بەنەوە.... بەخوا نایبینینەوە. باوکم بەداماویەوە چووە بەرقاپی گوتی: بۆ خاتری قورعان کوڕەکەم مەبەن..!

هێشتا نەبووە بە 16 ساڵان و قوتابخانەی هەیە. زابتەکە گوتی حاجی دەبوو تۆشمان ببردایە، بڕۆ ژوورەوە. دەرگاکەی بەسەر باوکما بە توندی داخستەوە...ئیتر ئەو ڕۆژە هەر گوێمان لە تەقە بوو. ماڵمان ئەتگوت خۆڵی مردووی بەسەردا ڕژاوە. تەنیا گوێت لە گریانی بەکوڵی دایکم و گارەگاری مریشکە کونجەی هێلانە شێواوت گوێ لێدەبوو، لە کاتێکدا تێکەڵ بە تەقە و دەستڕێژی ناو شار دەبوون.

دڵشادی برامیان بە ١٥ ساڵی برد، تا سێ مانگی ڕەبەق، لەماڵماندا شێن وشەپۆر بوو. پاش سێ مانگ پیر و مناڵەکانیان بە نیووە مردووی بەردا. ئەوانی تریشیان، لە دەشتی تەیارە خانەکە (پارکی ئازادی ئەورۆ)زیندە بەچاڵ کرد. دڵشادی برامیان، بەمێردەمناڵی برد، چونکە تەنیا خوێنەوار بوو، هەروەها کیتابی پڕ پەڕەی دەیخوێندەووە. ئاسایشی نەتەوەی کوردستانی لە بەعسێکان دەشێواند. ئەوان پێویستیان بە کەسانی، نەزان، نەفام، گەمژە و خۆفرۆش بوو. پێویستیان بە زانست و ئازادی بیر و باوەر نە بوو. پاش ئەوەی کوردستان و عێراقیان لە عیلم و عیرفان و نەتەوەپەرستەکان پاکردەووە، جەهالەتیان لە دڵ و دەرونی خەڵکیدا چاند، بە ئاوی ناکۆکی و جەهالەت ئاویاندا، چەندەها ملوێنیان لەورۆژەوە تا ئەمرۆ دەربەدەر وپارچە پارچەیان کردن، بەداخەوە تا هەنوکە بەردەوامە...

ئەوڕەحمان بەگی بابان دەفەرموێت:

دەرسی ئازادی ئەخوێنم ژینی سەربەستیم ئەوێ.

هەرکەسێ مەستی شەرابێکە لە مەیخانەی ژیان.

من لەبارەی عیلم و عیرفان و ئەدەب مەستیم ئەوێ.
تێئەکۆشم ببمە زانای عیلمی تازە و عیلمی کۆن.

چونکە بۆ قەوم و وەتەن، من خزمەتی ڕاستیم ئەوێ.

## دەمیرتاش ، ئەو شاعیرو چیرۆکنووسەی لە زیندانەوە بۆ ئازادەکان ئەنووسێت



سەلاحەدین دەمیرتاش دوای ئەوەی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە دەستگیرئەکرێت، لە زیندان دەستدەکات بە نووسین و کۆمەڵە چیرۆکێک بەناوی (سەحەر) و 12 هۆنراوە ئەنووسێت کە بەشێکیان کراون بە گۆرانی.
لەوبارەیەوە عەبدوڵا زەیدان پەرلەمانتاری (هەدەپە)، کە لەگەڵ دەمیرتاش لە زینداندایە، باسی لە ژیانی رۆژانەی دەمیرتاش کردووە و ڕایگەیاندووە: دەمیرتاش کەسێکی لە خۆبردوو، دڵسۆز، فیداکارە و دەروونی پڕە لە خۆشەویستی، شتی نوێ لە دەمیرتاش فێربووە.

ڕونیشیکردووەتەوە، هاوڕێیەتی کەسێک، کە نوێنەرایەتی ملیۆنان کەس ئەکات، بەرپرسیارێتییەکی ترە، دەمیرتاش لە زیندان بە سەدان گۆرانی کوردی و تورکی ئەڵێت، تائێستا 12 هۆنراوەی نووسیوە و کردوویەتی بە گۆرانی، کە یەک لە یەک جوانترن، ئامادەبوونیش بۆ گوێگرتن لە قسەکانی زۆر چێژبەخشە.

دەمیرتاش دوای دەستگیرکردنی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، لە زیندانەوە دەست ئەکات بە نووسین و خوێندنەوە، کە تا ئێستا کۆمەڵە چیرۆکێکی بڵاوکراوەی هەیە، بە ناوی (سەحەر). وەکو پەرلەمانتارەکەی هەدەپەش ڕایئەگەیەنێت، دەمیرتاش لە زیندانەوە 12 هۆنراوەی نوسیووە.

سەلاحەدین دەمیرتاش سیاسەتمەدارێکی کوردی باکوری کوردستانە لەنیسانی ساڵی 1973 لە شارۆچکەی پالۆی سەر بە پارێزگای خارپێت لەدایکبووە، لەساڵی 2007ەوە لەسەر لیستی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک وەک نوێنەری پارێزگای ئامەد بۆتە ئەندامی پەرلەمانی تورکیاو لەدوای قەدەغەکردنی ئەو پارتە لەلایەن دادگای دەستوری تورکیاوە، لە ساڵی 2010 بووە بەهاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی (بەدەپە)، لەساڵی 2012 شەوە تا ئێستا هاوسەرۆکی هەدەپەیە.

لە PUKmedia وەرگیراوە

هونەری بەرزی کوردی

جامەی دوو گۆران مەریوانی

Kurdi

### بەخشـــــــــین



کە تۆ لێرە نیت
حەزدەکەم بچم بۆ جێیەکی دوور
کەسی لێ نەبێت
جگە لە گوڵێ
کە بۆنی ونکردبێ
لە درەختێ، کە سێبەری
لە کوچێکدا مردبێ
لە بولبولێ
دەنگی لە ترسا کەوتبێ
کە تۆ لێرە نیت
تەلەفون دەکەم بۆ ئاسمان
تا نزام گیرابێت
فریشتەکان هەموو سەرقاڵن
جگە لە فریشتەی بەخشین نەبێت!
07–06–2018

### ئـــــەمجـــــــــــاره

ئەمجارە ئەگەر ماڵمان باریکرد
دەگوێزمەوە بۆ سەر ئەستێرەیەک
تاقەتم لە زەمین چووە
لەو گەڕەکەی ئێمە،
کەس حەزی لە بۆنی گوڵ نییە
کەس خوێندنی قومری
بەلاوە خۆش نییە
کەس سەیری ئاسمان ناکا،
ئەستێرەکانی پێ جوان نییە.
ئەمجارە ئەگەر ماڵمان باریکرد
دەگوێزمەوە بۆ سەر ئەستێرەیەک
تۆیش، گەر لەگەڵما بێییت
تا ئەبەد
نایەمەوە
بۆ هیچ شار و کوچەیەک!
بروسێل 15–02–2018

## خانمێک لەرۆمانێکی خۆشەویستیدا ناپاکی پیاوەکەی خۆی بۆ ئاشکرا دەبێت



لەلایەن ئوفوک ئوچتا،وەرگێڕانی:مزەفەر عەزیز



ئیستەنبوڵ– سەرەتا وەک هەر پەرتووکێکی تر, ئەمە رۆمانێکی ئەڤینی بوو"هەموو رێگاکان بەرەو لای تۆم دەبەن" بەلای ئەو تورکە کە ژنی ماڵەوەیە و ناوی فاتمە.گ تەمەنی ٣٦ساڵە. بەڵام دواتر ئەو دایکە خاوەن دوو منداڵە کاتێ لە خوێندنەوەیدا بەردەوام دەبێت, کە چیرۆکێکی خۆشەویستییە لە نێوان دوو خێزاندار، ئیدی بۆی روونتر دەبێتەوە، کە ئەو کتێبە سەروکاری بەهاوسەرەکەی خۆی ئوگور .گ ٣٨ ساڵانەوە هەیە و دۆستەکەی کە نووسەرەکەیە ناوی ئایشەن ئیلگینە!

فاتمە بۆ رۆژنامەی تورکان "حورییەت" (ئەو لەکتێبەکەدا نووسیویەتی، کە چۆن ئەوخانمە لەماڵەکەی مندا لەگەڵ پیاوەکەمدا خەوتووە– لەبارەی جلوبەرگ و شتەکانی ترەوە هەمووی دروست، وەک خۆی تەواو تێیدا هاتووە)، فاتمە ئێستا دەیەوێت جیابێتەوە و رووی کردۆتە دادگای خێزان و داوای نزیکەی ١٨٤٠٠ ئۆیرۆ وەک قەرەبوو و مانگانەش٥٥٣ ئۆیرۆ دەکات. ئیتر کۆتایی ئەم چیرۆکە خۆشەویستییەش شاد نەبوو.

ناوەکان گۆڕدراون.

دەبرۆ بەخێراتی ئیتر ئەو پەندە کوردییەی دەڵێ: زمان بەڵای سەرە، لێرەدا دەگۆڕدرێ بۆ پێنووس بەڵای سەرە!!! سەرچاوە رۆژنامەی بیلد ژمارەی رۆژی ٥–٦–٢٠١٨، لا٧

بە سوپاسەوە لە ئەکاونتی کاک مزەفەر عەزیزەوە



## هەر جارەی تابلۆیەکی شێوەکاری



عومەر دەروێش



تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاوئەبێتەوە

TARAWGA
E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807